# پەیوەندی شوناسی گەنجان بە گۆڕاوەکانی تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندەوارییەوە؛ توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستان- عێراق

**نەبەز أزور أحمد[1]، نیان نامق صابر[2]**

[1,2]بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**

شوناس بابەتێکی دینامیکی و گۆڕاوە و زادەی سەردەمی خۆیەتی، مرۆڤیش زۆر جار ناتوانێت بەرەنگاری سەردەمەکەی ببێتەوە و بەجۆرێکی زۆر جیاوازتر خۆی دەربڕێت، لەبەر ئەم هۆکارانە شوناسی هەریەکێکمان جیاوازە و پەرە دەستێنێت، هەروەها بەردەوام دەتوانین شوناسی خۆمان بەپێی قۆناغە مێژوویەکان نوێ بکەینەوە. بەمانایەکی تر شوناس ئاسانتر گۆڕانی بەسەردا دێت و پێویستی بە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی نییە، ئەو کەسەی، کە چەند ڕۆڵێکی هەیە، دەتوانێت بەپێی جۆراوجۆری ڕۆڵەکانی شوناسی جیاجیا بەخۆی بەخشێت، چەمکی شوناس وەک چەمکەکانی تری بواری زانستە کۆمەاڵیەتییەکان هەڵگری مانا و دەلالەتی جیاوازە و هەر زانستێک لەڕوانگەی خۆیەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کردووە. ئامانجی توێژینەوەکە زانینی جیاوازیی ئامارییی شوناسی گەنجانەبەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن). توێژینەوەکە توێژینەوەیەکی چەندێتیە و بەشێوازی وەصفی ئەنجامدراوە و میتۆدی (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) لەجۆری (ڕووپێوی وەسفی) بەکارهێنراوە. کۆمەڵگای توێژینەوە بریتیە لەگەنجانی دانشتووی هەرێمی کوردستان کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا تەمەنیان لەنێوان (18-35) ساڵ بوو نمونەی توێژینەوەکە بریتیە (472) گەنج کە بەشێوازی نائەگەری بەشێوەی (بەڕێکەوت) لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە وەرگیراوە، توێژینەوەکە گەیشتوە بەم ئەنجامانە: شوناسی گەنجان لای هەردوو ڕەگەز لە ئاستێکی بەرزدایە و جیاوازیی ئامارییی لە نێوانیاندا نییە و بەپێی گۆڕاوی تەمەن شوناسی گەنجان دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی تەمەن و ئەوانەی تەمەنیان بچوکترە شوناس لەلایان بەرزترە بەبەراورد بە وانەی تەمەنیان گەورەترە و بەپێی بڕوانامە لە بنەڕەتییەوە تا ئاستی خوێندنی زانکۆ شوناس لای گەنجان بەرزترەو جیاوازن لە بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرا.

**کلیلە وشە** (شوناس، گەنج، خوێندن، خوێندکار)

## 1. پێشەکی

شوناس بابەتێکی هەنووکەیی و جیهانی سەردەمە، کەم کەس هەیە بەچەندین جۆر شوناس مامەڵە لەگەڵ ژیانی مرۆییدا نەکات، بەتایبەتی کە سەردەمی تەکنەلۆژیا و زانیاری و بچوکبوونەوەی جیهانە لەسەر پێگە و لاپەڕە ئەلەکترۆنیەکان و جیهانە مەجازییەکەی وابەستەی خۆی کردوین، گەنجانیش بەدەر نین لەو جیهانە و سەرمەشقی بەکارهێنەرانن هەندێکجار تاڕادەی ئالوودەبوون، واتە گەنجان وزۆرینەیان بەلایەنی کەمەوە هەڵگری دوو جۆر لە شوناسن، کە یەکێکیان واقیعیە و پشتبەستووە بە بەهاکان و ئەوەی تریان تاڕادەیەک لەژێر خواست و ئارەزووەکانی خۆیدایە و وابەستەی سیستمی بەها واقیعیەکان نییە، وەک ئەو سەربەستیە زۆرەی لە دەربڕیندا بەدی دەکرێت.

یەکەم ڕەگەزە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە

### 1-1 کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە گوزارشت کردنە لەوپرسیارانەی کە لە بیری توێژەردا دروست دەبێت، یاخود هەستکردن بەبوونی تێکچوونێك یاخود کەموکورتی یان لاوازی یاخود نادیاری لە لایەنێکی دیاریکراودا کە توێژەر دەیەوێت توێژینەوەی لەسەر بکات (ئەبراش،2013: 351_352)، گەنجان بنەمای گۆڕانکاری و پێشکەوتنی هەر کۆمەڵگەیەکن، بەڵام جیهانگیری و گۆڕانەخێراکان شوناسی گەنجانیشی کردۆتە ئامانج و هەوڵی ئەوە دەدات کە لەجیهاندا گەنجان شوناسێکی هاوچەرخ و چونیەکیان هەبێت شوناسی گەنج لە کۆمەڵگەی کوردیدا هەمیشە لە گۆڕانێکی بەردەوامدایە، لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بپرسێت کە ئایا شوناسی گەنجان چۆن دەگۆڕێت بەگۆڕانی (ڕەگەز، تەمەن، ئاستی خوێندن).

### 2-1 گرنگی توێژینەوە:

گۆڤاری زانکۆی کۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان، بەرگی ٧، ژمارە ٢ (٢٠٢٤)
ڕێککەوتی: وەرگرتن ١٢ کانوونی یەکەم ٢٠٢٤؛ پەسەندکردن: ١٥ کانوونی دووەم ٢٠٢٤
توێژینەوەی ڕێکخراو: لە ٢٠ تشرینی دووەم ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: nma.nabaz@gmail.com
مافی چاپ و بڵاوکردنەوە © ٢٠٢٤ نەبەز أزور أحمد، نیان نامق صابر، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.0

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp360-369

لەڕووی تیۆریەوە ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە شـــوناس هۆکارێکە بۆ پیادەکردن و پەیڕەوکردنی هەندێک بەها کە جیای دەکاتەوە لە زۆرینەی کۆمەڵگا و دەبێتە بابەتێکی تیۆری گرنگی زانستی بۆ  کتێبخانەی کوردی.

لەڕووی پراکتیکیەوە گرنگە بۆ:

1. گەنجان تا بزانن ئەو جیاوازیانە چین کە تێڕوانینی گەنجاندا هەن.
2. گرنگە بۆ خێزان تا ئاگادارین لە گۆڕانی شوناسی گەنجان
3 .گرنگە بۆ کۆمەڵگە بۆ دەرخستنی لایەنە هەمەجۆرەکانی شوناسی گەنجان.

**3-1 ئامانجی توێژینەوە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی پەیوەندی ئاماری شـــوناسی گەنجان لای نمونەی توێژینەوەکە  بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن).

**4-1 سنووری توێژینەوەکە:**

**أ. سنووری مرۆیی**: بریتیە لە گەنجانی هەرێمی کوردستان کە تەمەنیان لەنێوان(18-35) ساڵیدایە.

**ب. سنووری جوگرافی**: سەنتەری شارەکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجە)یە.

**ج. سنووری کاتی**: ساڵ ونیوێک بۆ دوو ساڵی خوێندن.

**5-1  دیاریکردن و ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوەکە**

**1. چەمکی شوناس**

(ئەریکسۆن، 1968) پێناسەی شوناس دەکات بە: سەرجەم شارەزاییەکانی تاک، و پێکدێت لە دوو ڕەگەز ئەوانیش: ناسنامەی من (الأنا) و ناسنامەی خود (الذات). ناسنامەی من (Ego) دەگەڕێتەوە بۆ بەدیهێنانی پەیوەستبوون لە هەندێک لایەنی کار و بەهای ئایدیۆلۆژی و سیاسی و ئاینی و فەلسەفەی تاک بۆ ژیانی، بەڵام ناسنامەی خود (Self) دەگەڕێتەوە بۆ پەیپێبردنی کەسی بۆ ڕۆڵە کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ناسنامە دوو ڕەهەندی هەیە ئەوانیش: ڕەهەندی ئایدیۆلۆژی و ڕەهەندی کۆمەڵایەتیە.

لە ئینسایکلۆپیدیای دەرونناسی و شیکردنەوەی دەروونیدا: شوناس ئەوەیە کە مرۆڤ بەبەردەوامی کیانێکی تایبەتی جیاواز لە ئەوانی تری هەبێت (الحفني، 1994، ص379).

پێناسەی تیۆری بۆ شوناس: بریتیە لەو تایبەتمەندیانەی هەر کەسێک هەیەتی لەڕووی جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتیەوە و جیای دەکاتەوە لە خەسڵەت و تایبەتمەندی ئەوانی تر و پانتاییەکی کۆمەڵایەتی و کلتوری دەبەخشێت بە تاک، ئەو پانتاییەش سەرچاوەی هێز و پەیوەندییەکانیەتی.

**2. چەمکی گەنج:**

ئاڕاستەی بایۆلۆجی:  ئەم ئاڕاستەیە جەخت لەسەر حەتمیەتی بایۆلۆجی دەکاتەوە، وای دادەنێت کە قۆناغێکی گەشەی مرۆڤە، کە تیایدا پێگەیشتنی ئەندامە جەستەییەکانی تەواو دەبێت، لەگەڵ پێگەیشتنی عەقڵی و دەروونی، لایەنگران و گرنگی پێدەرانی ئەم ئاڕاستەیە جیاوازن لە دەستنیشانکردنی ئەم قۆناغە ولەنێوان هەردوو دەستەی تەمەنی (15-25) و (13-30) ساڵیدا ئەم قۆناغە دیاریدەکەن.

گەنجان:   ئەو دەستەیەن لە دانیشتوان کە تەمەنیان لە نێوان (18-30) ساڵیدایە(عیدبدر، 2008، ص150).

گەنجێتی: چەمکێکە بەڵگەی قۆناغێکی تەمەن دەخاتەڕوو لەڕووی بایۆلۆژیەوە، بەڵام سەردەمێکی کۆمەڵایەتی و کولتوریشە، سەردەمێکە کە کەسەکە مەرجی پێویست بۆ کردەوەی سەربەخۆ لەهەموو بوارەکانی ژیاندا بەدەست دەهێنێت(شێفەرس، 2008، ل 19-20).

پێناسەی تیۆری بۆ چەمکی گەنج: گەنجان: ئەو توێژەن لە کۆمەڵگای کوردی کە تەمەنیان دەکەوێتە نێوان (18-35) ساڵ و لەقۆناغی گەنجێتیدان و تاڕادەیەک سەربەخۆن لە هەندێک بواری ژیانیاندا بەتایبەتی لە بیروباوەڕو بەها کۆمەڵایەتیەکان و پیشەیاندا.

## 2-  تێڕوانینی تیۆری:

چەمکی شوناس، وەک چەمکەکانی تری بواری زانستە کۆمەڵایەتیەکان هەڵگری مانا و دەلالەتی جیاوازە و هەر زانستێک لەڕوانگەی خۆیەوە لێکدانەوە و شرۆڤەی کردووە، بۆ نموونە دەروونناسی زیاتر لە ڕوانگەی کەسێتی و خودییەوە لێی دەڕوانێت و کۆمەڵناسیش سروشتێکی کۆمەڵایەتییانەی بە شوناس بەخشیوە.

مانای زمانەوانی بۆ زاراوەی شوناس یان شوناس (Identity) لە وشەی (Identitas)ی لاتینیەوە وەرگیراوە، و بە دوو مانای دژبەیەک بەکاردەبرێت ئەوانیش (وەک یەکی و یەک چەشنی) و (لێکجودایی یان جیاوازی) (گوڵمحەمەدی،  2007، ل221). واتە ئەم زاراوەیە بۆ هەردوو خەسڵەتی هاوبەشێتی و جیاوازی بەکاردێت، بۆ نموونە هاوبەشێتی لە مەسەلەی نەتەوەییدا وەک ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانی کوردستان کوردن، یان زۆرینەی خەڵکی عێراق موسڵمانن ئەمەیان زیاتر لەسەر ئاستی ئاینیە، نموونەی لێکجودایش ئەوەیە کە دانیشتوانی عێراق زۆرینەی عەرەبی زمانن و خەڵکەکەی تریش کورد، تورکمان و ئاشوورین، کەواتە بابەتی شوناس بەمەبەستی پۆلێنکردن بەکاردێت لەسەر بنەمای لەیەکچون و جیاوازی.

لە زمانی کوردیدا وشەی شوناس، پێکهاتەیەکە لە (شوێن و ناسین) واتە ئەو شوێنەی دەمانگەیەنێت بە ناسینی کەسێک، چەمکەکە تازەیە و هێشتا بەتەواوی جێگەی خۆی نەگرتووە و ڕەنگە سەرەتای بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە بگەڕێتەوە بۆ سەدەی بیستەم (سیوەیلی، 2015، ل 71-72). بەڵام ئەگەر لە وشەی شوناس بکۆڵینەوە لە زمانی کوردیدا لە دوو وشەی لێکدراو پێکهاتووە (ناس+ نامە)  شەی ناس لە ڕەگی وشەی (ناسین) وەرگیراوە و کاتێک نامەی دەخرێتە پاڵ دەبێتە زاراوەیەک و بەمانای نامەی خۆناساندن دێت، و پێکەوە دەبنە پێناسەی کەسێتی مرۆڤ (پایان، "2018").

زاراوەی شوناس لەزمانی عەرەبیدا (هویة) لە دووبارەبوونەوەی (ئەو__ID) وەرگیراوە، و بە واتای "یەکگرتن لەگەڵ خود" دێت (وهبە، 2007، ص667). چەمکی شوناس دەفری ویژدانی بەکۆمەڵی هەر گرووپێکی مرۆڤایەتییە، لە هەمان کاتتدا ناوەڕۆکی ئەم ویژدانەش پێکدەهێنێت، کە لە بەها و داب و نەریت و توخمەکانی گونجاندن و هۆشیاری کۆمەڵ و ئیرادەی بوون و ژیان لە چوارچێوەی پاراستنی بوونەکەیدا لەخۆدەگرێت (الزعبي، ٢٠١٧، ص٢٦٤).

**2- 2 تایبەتمەندییەکانی شوناس:**

شوناس وەک زاراوەیەکی سادە چەند تایبەتمەندییەکی خۆی هەیە کە توێژەران باسیان کردووە، لەوانە:

١. شوناس هەمیشە لە دروستبوون و گۆڕاندایە، بە تایبەت لەگەڵ کولتووری باڵادەستی جیهانی و ناوخۆییدا، شوناس وەک ئەوەی پەیوەندی هەیە بە ڕابردووەوە،

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp360-369

بەستراوەتەوە بە داهاتووشەوەو، شوناس وەک دوا ڕێگا دەمێنێتەوە کە گەلان و کۆمەڵەکان لە کاتی قەیرانەکاندا پەنای بۆ دەبەن.

٢. بیرۆکەی شوناس پەیوەندییەکی نزیکی بە بیرۆکەی کولتوورەوە هەیە، و دەتوانرێت شوناسەکان لە ڕێگەی کولتووره سەرەکییەکان پێکبهێنرێن و، ئەو کولتووره پۆلێنبەندییانەی کە مرۆڤەکان سەر بە خۆیانن یان بەشدارییان تێدا دەکەن (هارلبس، 2010، ص 13).

٣. شوناسی مرۆڤ لە چەند ئاستێک پێکدێت، گرنگترینیان ئاگالەخۆبوون و هۆشیاری و هەستکردن بە تایبەتمەندی و داببکردنی ئیرادەیە بۆنموونە ناسینی تایبەتمەندییەکانی ڕۆژئاوا و ئەو پێوەرانەی ئەوان بۆ ژیانی خۆیان هەیانە، تاچەند دەتوانرێت لە ڕۆژهەڵات تاقیبکرێنەوە و شوناسی ڕۆژهەڵاتیش لەدەست نەدەین (السيد، ٢٠٢٢، ص ٤٣٣ - ٤٣٤).

٤. لە نێوان شوناسی نەتەوەیی و شوناسی کولتووری و شوناسی سیاسیدا چەندین جۆری شوناس هەیە، هەموویان ئاماژە بە ڕەهەندی دەستەجەمعی دەکەن، لە کاتێکدا تەنیا زاراوەی شوناس ئاماژەیە بۆ ڕەهەندێکی گشتگیر وەک چەترێک کە هەموویانی پاراستووە (Paire, 2013, p30)

### 3-2 گەنج و قەیرانی شوناس:

وەک چۆن لە دەستنیشانکردنی سەرەتا و کۆتایی قۆناغی گەنجی ئاڵۆزی هەیە، بەوجۆرەش ناتوانرێت شوناسێک بدرێتە پاڵ گەنج، چونکە قۆناغی ئاشنابوون و کرانەوە و تێکەڵبوونیەتی بەکۆمەڵگا و لەسەرەتای بونیادنانی کەسێتیدایە، هێشتا سەربەخۆیی تەواوەتی وەرنەگرتووە و خێزان و کۆمەڵگەش چاوەڕوانی زۆریان لێی هەیە.

ئەو قەیرانەی گەنجان تووشی دەبن قەیرانی شوناسە، ئەویش بریتییە لەو قەیرانەی کە پرسیاری "من کێم؟" تیایدا دەبێتە هۆی پشێویەک لە هەموو تێڕوانینەکانی پێشووی سەبارەت بە خەیاڵ و تێڕوانینی دەربارەی خۆی و، سەرکەوتن لەم قۆناغەدا دەبێتە هۆی دۆزینەوەی گەنج بۆ شوناسی خۆیو، بە شکستهێنانی لەو کارە، دەکەوێتەبەر سەرلێشێواوی لە ڕۆڵەکەی، واتە کرۆکی ناکۆکیەکەی شوناسە لە بەرامبەر شێوانی ڕۆڵەکەی (شحاتة، 2016، ص100). قەیرانی شوناس: هەستکردنە بە دڵەڕاوکێی زۆر و تێکچوونی دەروونی کە ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر یەکگرتوویی و سەقامگیریی کەسێتی هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی ڕۆڵەکانیان و لەدەستدانی مانا یان ئامانجی ژیانیان، و نەزانینیان بەوەی کە سەر بە کێن (السعدي، ٢٠١٨، ص ١٢٩٣).

قەیرانی شوناس ئاماژەیە بۆ ئەو قۆناغەی کە مرۆڤێک وا دەردەکەوێت چالاکانە سەرقاڵی کارە بە گەڕان و هەڵسەنگاندنی ئاڵوگۆڕەکان لە بوارەکانی پیشە و بیروباوەڕی ئایینی و سیاسی و فەلسەفەی ژیان و پەیوەندی لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەر و بڕیاردان لەسەریان (حلاسي و فايدي، ٢٠١٩، ص١٩). قەیرانی شوناس پەیوەستە بە قۆناغی هەرزەکاری و سەرەتای گەنجییەوە، بەو پێیەی نوێنەرایەتی مەرجی بنەڕەتی گەشەکردن لەم قۆناغەدا دەکات، و دەربڕینی گۆڕانکاری لە کەسێتی هەرزەکاردا بەرەو سەربەخۆیی پێویست بۆ گەشەکردنی ئاسایی لە قۆناغەکانی داهاتوودا. شوناس لە ڕوانگەی (ئەریکسۆن)ەوە بە قۆناغی یەک لە دوای یەک گەشە دەکات کە تاکەکەس لە هەر قۆناغێکدا ڕووبەڕووی قەیرانێکی دیاریکراو ببێتەوە، ڕێڕەوی گەشەکردنی بەپێی سروشتی چارەسەرەکەی دیاری دەکات بە ئەرێنی یان بە شێوەیەکی نەرێنی، لە ژێر کاریگەری زۆرێک لە هۆکارە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان (صباح، ٢٠١٥، ص٣).

لەکۆتاییدا کۆمەڵێک هۆکاری گرنگ هەیە کە کاریگەری لەسەر شوناسی گەنجان هەیە ئەوانیش:

١. خێزان: گرنگترین دامەزراوەی شوناس خێزانە، گەنجیش هەر لەو دامەزراوەیەوە ئاشنا دەبێت بە بەهاکانی کۆمەڵگە و لەڕووی هزری و کولتوورییەوە، خێزان ئەگەر لەتوانایدا نەبوو پێداویستیەکانی گەنج پڕبکاتەوە ئەوا سەرەتایەکە بۆ دروستبوونی قەیرانی شوناس.

٢. کۆمەڵگە: ئەو پانتاییە فراوانەیە کە گەنج دەرفەتەکانی خۆناسینی تێدا دەبینێتەوە، ئەگەر کۆمەڵگەیەک گۆڕەپانە سیاسی و ئابووری و کولتووری و کۆمەڵایەتیەکەی دامەزراوەیی بێت، هەڵی پسپۆڕی و ڕاهێنان دەستەبەر دەکات، دەرفەتی زیاتر دەداتە گەنج، لەنەبوونی ئەم دامەزراوەییەدا گەنج تووشی سەرگەردانی دەبێت.

٣. سیستمی کارگێڕی و دەوڵەت: قەیرانەکە لێرەدایە کە دەوڵەت و سیستمی کارگێڕی گەنج وەک داهاتووی کۆمەڵگە دەبینێت یان وەکو کەرەستەی بەکارهێنان، بەداخەوە لەزۆربەی سیستەمەکانی بەڕێوەبردندا گەنجان بە کەرەستەی وەبەرهێنان دەبینن، ئەو گەنجانە دەرفەتیان بۆ دەڕەخسێت کە دەوڵەت پێویستی پێیەتی و زۆرینەی گەنجانی تریش پەراوێز دەخرێن و قەیرانی شوناس دروست دەبێت.

٤. ئایین: گەنجان فێری کۆمەڵێک دابونەریتی ئاینی و بەها دەکات، هەم گونجاوە هەم پێویستە، بەڵام لەلایەکی ترەوە بێ متمانەییەکی سەیری بەگەنج هەیە، دەبێت ئاگای لە چاو، گوێ، زمان و داوێنی بێت، چونکە شەیتان لەکەمیندایە بۆی، قۆناغی گەنجی هەتا زووتر تەواو بێت باشترە، چونکە ئایین زیاتر دەیەوێت کۆنترۆڵی پێداویستیە سێکسەکانی گەنج بکات، کەواتە لە قاڵبدانی گەنجە لەچوارچێوەیەکی ئایینیدا بەشێوەیەکی ڕەها و ئازادییەکانی گەنج سنووردار دەکات، کە هۆکاری قەیرانی شوناسە لای گەنجان.

٥. یاسا: یاساکانی تایبەت بەگەنجان لەکەمترین ئاستیدایە، یان دەتوانرێت بوترێت کە نییە، یان لەپاڵ توێژەکانی تری منداڵان و ژنان بەناڕاستەوخۆیی باسی گەنجان دەکەن، هەروەها زۆرینەی لەژێر ناوی یاساکانی خوێندن و دامەزراندندایە، کەواتە گەنجان خاوەنی شوناسێکی یاسایی تایبەت بە خۆیان نین (مەردان، 2015، ل27-32).

### 4-2 توێژینەوە هاوشێوەکان

شوناس وەک چەمکێکی ئاڵۆزو کێشەلەسەر بۆتە هەوێنی دەیان و سەدان توێژینەوەی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆڤایەتیەکان، توێژەر هەوڵیداوە هەرچەند توێژینەوەی کوردی دەستکەوتبێت لەم باسەدا ئاماژەی پێبکات، هەتا توێژەرانی دواتر بەرچاویان ڕوون بێت لەبارەی ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر بابەتی شوناس، توێژینەوەکان لە تازەترینەوە بۆ کۆنترین ڕیزبەندی کراون بەمجۆرەی لای خوارەوە.

**توێژینەوەی(حەمەڕەشید 2023) بەناونیشانی: شوناسی کۆمەڵایەتی تاکی کورد، لە سینەمای کوردیدا.**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە دەرخستنی ڕەنگدانەوەی پرسی شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لە سینەمای کوردیدا، هەروەها دەرخستنی ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندیە کولتووری و کۆمەڵایەتیانەی مرۆڤی کوردی پێدەناسرێنەوە و دەرکەوتنیشیان لە سینەمای کوردیدا.

میتۆدی بەکارهاتووی توێژینەوەکەش میتۆدی شیکاری ناوەڕۆکە بە هەردوو ڕێبازی چۆنیەتی و چەندیەتی. سینەمای کوردی وفیلمە بەرهەمهێنراوەکانی نێوان ساڵانی(2010-2022)، کۆمەڵگەی توێژینەوەکەیە، نمونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە(14) فیلم، و

بەشێوەیەکی مەبەستدار و لەسەر بنەمای چەند پێوەرێک فیلمەکان هەڵبژێردراون لەو پێوەرانەش (شوێنی بەرهەمهێنانی فیلمەکە و کاتی بەرهەمهێنان و جۆری فیلمەکە کە لە جۆری فیلمی درێژی داستانیە). بۆ کۆکردنەوەی داتا و زانیاریەکانیش توێژەر فۆرمێکی بونیادناوە کە پێکهاتووە لە(31) برگە و دابەشکراوە بۆ پێنج تەوەر، هەروەها سوود لە گورزەی ئاماری (SPSS) وەرگیراوە بۆ شیکردنەوە و لێکدانەوەی زانیارییەکانی، لەکۆتاییدا توێژەر گەیشتۆتە چەند ئەنجامێک لەوانەش: شوناسی کۆمەڵایەتی کورد لەسەر ئاستەکانی کولتوور، زمان، داب ونەریت و بەهاکان، جل وبەرگ و سروتەکان، بەشێوەیەکی بەچاو ڕەنگی داوەتەوە، هەروەها ئەو خەسلەت و تایبەتمەندیە کولتووری و کۆمەلایەتیانەی کوردی پێدەناسرێتەوە لە فیلمەکاندا بەتەواوی ڕەنگی داوەتەوە.

**توێژینەوەی (ئەحمەد 2023) بەناونیشانی: فرەکولتووری و پەیوەندی بە شوناسەوە هەرێمی کوردستان بەنمونە.**

ئامانجیش لەم توێژینەوەیە خستنەڕووی دۆخی فرە کولتووریە لەهەرێمی کوردستاندا و باسکردنی پێویستی هەبوونی شوناسێکی نیشتیمانیە، هەروەها زانینی ئاستی پەیوەندی نێوان جۆری شوناسەکان و کاریگەریان لەسەر مرۆڤ و گروپەکانە. میتۆدی بەکارهێنراو لەم توێژینەوەیەدا بریتیە لە میتۆدی (شیکردنەوەی سێکوچکەیی) واتە زانیاریە چۆنایەتیەکان پاڵپشتی زانیاریە چەندایەتیەکان دەکات. ژمارەی ئەندامانی نمونەکەی (532) کەسی سەرو (18) ساڵە لەهەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک، هەڵەبجەن لە کولتوور و نەتەوە و ئاینی جیاواز. نمونەکەش بەشێوازی هەڕەمەکی چینایەتی ڕێژەیی وەرگیراوە. لەڕێگەی فۆرمی ڕاپرسی و چاوپێکەوتنەوە زانیارییەکانی کۆکردۆتەوە، سوود لە تاقیکردنەوەی (کرۆسکاڵ) و (واڵیس) بینراوە بۆ شیکاری ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکان.

ئەنجامەکانیش دەریانخستووە کە بەپێی گۆڕاوی تەمەن ئاستی پێکەوەژیانی ئاینی و نەتەوەیی جیاوازە و هەتا تەمەن هەڵبکشێت پێکەوە ژیان و قبوڵکردن زیاتر دەبێت. هەروەها شوناسی ئاینی بە پلەی یەکەم دێت و نەتەوەیی بە پلەی دووەم، ویستی بوونی زمانێکی یەکگرتوو لە کوردستان پێویستیەکی چەسپاوی شوناسی نیشتیمانیە. هەروەها گۆڕاوی شوێنی نیشتەجێبوون کاریگەری گەورەی لەسەر ئاشتی و پێکەوە ژیان هەیە، بەڵام گۆڕاوی نەتەوە و ئاین هیچ جیاوازیەکی تێدا بەدینەکراوە سەبارەت بەپێکەوە ژیان و کاریگەری لەسەر شوناس.

**توێژینەوەی (عبداللە 2022) بەناونیشانی: بەجیهانیبوونی کولتوور وکاریگەریی لەسەر شوناسی گەنج**

ئامانجەکانی بریتین لە زانینی کاریگەری بەجیهانیبوونی کولتوور لەسەر شوناسی گەنجان لەڕووی (زمان، بەها، شێوازی ژیان، گۆڕاوەکانی ڕەگەز، تەمەن، زانکۆ، پسپۆری)، جۆری توێژینەوەکە بریتیە لە جۆری (وەسفی شیکاری) چەندێتیە، و میتۆدی بەکارهێنراویش بریتیە لە میتۆدی ڕوماڵکردنی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی زانکۆکانی هەرێمی کوردستانی عێراقە، نمونەی توێژینەوەکەش بریتیە لە (384) خوێندکاری زانکۆ، ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (18-25) ساڵیدایە، نمونەی توێژینەوەکەش لە جۆری هەڕەمەکی چینایەتیە. ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری بریتیە لەڕاپرسیەکی ئامادەکراو لەسەر شێوازی (لیکرت). هەروەها سوود لە گورزەی ئاماری(SPSS) وەرگیراوە بۆ شیکردنەوەی زانیارییەکان.

ئەنجامەکانیش ئەوەیان دەرخستووە کە گەنجانی زانکۆ بەگشتی لەژێر کاریگەری هەژموونی کولتووری بەجیهانیبوندان بەڕێژەی (60%)، هەروەها گەیشتووە بەو ئەنجامەی کە زمانی کوردی لەژێر مەترسی لە ناوچووندایە و ئەوەش دەریخستووە کە قەیرانی شوناس لای گەنجانی زانکۆ لە ئاستێکی بەرزدایە.

## 5-2 تیۆرەکانی شوناس:

### 1- تیۆری پێکهاتنی شوناس (تكوين الهوية) لای جورج مارشیا

یەکێک لە تیۆرییە دیارەکانی پەیوەست بە گەشەپێدانی شوناس، تیۆری دۆخی شوناسی (جەیمس مارشیا)یە. (مارشیا) پێشنیاری کرد کە مرۆڤەکان بە زنجیرەیەک دۆخی شوناسدا تێدەپەڕن کاتێک بە پرۆسەی پێکهێنانی شوناسەکانیاندا دەڕۆن. بە بڕوای مارشیا گەشەپێدانی شوناس دوو ڕەهەند لەخۆدەگرێت: گەڕان(قەیران) و پابەندبوون. گەڕان ئاماژەیە بۆ پرۆسەی گەڕان و بەدواداچوونی چالاکانە و ڕەچاوکردنی بژاردە و ئەگەرە جیاوازەکان بۆ شوناسی مرۆڤ. لە بەرامبەردا پابەندبوون بریتییە لە وەبەرهێنانێکی کەسی لە شوناسێکی دیاریکراودا.

بە پشتبەستن بە پێکەوەگرێدانی ئەم دوو ڕەهەندە، مارشیا چوار دۆخی شوناسی دەستنیشان کرد:

**لێکترازانی شوناس (Identity Diffusion):** ئەو کەسانەی لە بژاردەی جۆراوجۆری شوناسیان نەکۆڵیوەتەوە و پابەند نەبوون بە هیچ شوناسێکی دیاریکراوەوە. لەوانەیە ئاراستەیان نەبێت و هەست بە سەرلێشێواوی بکەن سەبارەت بە ڕێگاکانی داهاتوویان.

**دەستبەسەرداگرتنی شوناس (Identity Foreclosure):** ئەم کەسانە پابەندبوونیان بە شوناسێکەوە کردووە بەبێ ئەوەی بەشداری گەڕانێکی بەرچاو بکەن. زۆرجار بەها و بیروباوەڕی شوناسی دایک و باوکیان یان کەسێتیە کاریگەرەکانی دیکە دەگرنەبەر، بەبێ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەگەرەکانی دیکە بکەن.

**وەستاندنی شوناس (Identity Moratorium):** مرۆڤەکانی ئەم دۆخە چالاکانە بەدوای بژاردەی شوناسی جیاوازدا دەگەڕێن، بەڵام هێشتا پابەندبوونی پتەویان نەکردووە. لەوانەیە پێش ئەوەی لەسەر شوناسێکی دیاریکراو جێگیر بن، قۆناغێکی تاقیکردنەوە و تاقیکردنەوەی ڕۆڵی جیاوازیان بەسەردا بێت.

**بەدەستهێنانی شوناس (Identity Achievement):** ئەم دۆخە نوێنەرایەتی ئەو کەسانە دەکات کە چالاکانە لە چەندین بژاردەی شوناسیان لێکۆڵیوەتەوە و پابەندبوونی بەردەوامیان داوە. ئەوان بە سەرکەوتوویی لە پرۆسەی پەرەپێدانی شوناسدا ڕۆیشتوون و هەستێکی ڕوونیان بۆ خۆیان هەیە (Marcia, 1966, pp 551-558). نموونەی (مارشیا) کە پشتی بەستووە بە زنجیرەیەک توێژینەوە نوێنەرایەتی گرنگترین پەرەپێدان دەکات لە تیۆری (ئەریکسۆن) لە بواری پێکهێنانی شوناسدا، هەروەها لە توێژینەوەکانی و پێوەرەکەی بۆ گەشەکردنی شوناس پشتی بەست بە هەردوو بیرۆکەی (قەیران و پابەندبوون) کە (ئەریکسۆن) باسی کردووە، لەسەر ئەم بنەمایەش پێوەرە ناسراوەکەی ئامادە کرد بەناوی (چاوپێکەوتنی نیمچە پێکهاتەیی)، کە لەسەر بنەمای گریمانەی چوار پلەی بنەڕەتی دامەزراوە بۆ شوناسی (من_الأنا ego) کە پۆلێن دەکرێت بەپێی دەرکەوتن یان نەبوونی هەریەک لە قەیران و پابەندبوون، پێکهێنانی شوناس بە دەرکەوتنی قەیران یان دۆزینەوە دەست پێدەکات و لە قۆناغێکی شرۆڤەکردندا نوێنەرایەتی دەکرێت کە پەیوەندی بە بەپەلەیی هەندێک پرسیاری مرۆڤەوە هەیە بەرامبەر بیروباوەڕەکانی و ڕۆڵەکانی و ئامانجەکانی لە ژیاندا، یان بە

واتایەکیتر ماوەیەک لە توێژینەوە و دۆزینەوە و تاقیکردنەوە بەهۆی ئەو باوەڕ و ڕۆڵە گونجاوانەی کە بەپێویستی دەزانن پێش بڕیاردان لەسەریان، لەبەرئەوە هەرزەکار لەم ماوەیەدا پێی دەوترێت سەرنجی تێکەڵاو بە کۆکردنەوەی زانیاری سەبارەت بە ڕۆڵە بەردەستەکان، دواتر تاقیکردنەوەی ئەم ڕۆڵانە بۆ ئەوەی هەڵبژێرێت(نجیب و محمد، ٢٠١٦، ص١٥٦-١٥٧).

(مارشیا) لە تیۆری شوناس فراوانتر بوو لەوەی کە (ئەریکسۆن) دایبنابوو بە جەختکردنەوە لەسەر قۆناغی هەرزەکاری. (مارشیا) قۆناغی هەرزەکاری وەسف کردوە وەک قۆناغێکی ڕاگوزەر(ئینتیقالی) لە ئەرکە مەعریفیەکاندا (لە پرۆسەی فیزیکی بۆ پرۆسەی فۆرمالیزم)، لە پرسە ئەخلاقییەکان (لە یاسا و سیستمەوە بۆ بەها بەرزە مرۆییەکان)، لە نیگەرانییە دەروونییەکان (لە چاوەڕوانی و ڕێنماییەکانی ئەوانی دیکەوە بۆ ڕێکخستنێکی ناوازەی تایبەت بە مرۆڤ بۆ مێژووی تایبەتی خۆی و لێهاتووییەکانی و لاوازییەکانی خۆی و ئامانجەکانی (محاسنة و العظامات، 2018، ص192).

## 2- تیۆری خۆپۆلێنکردن (نظرية التصنيف الذاتي)

ئەم تیۆرە یەکێکە لە تیۆرە نوێکان لە ڕوونکردنەوەی پێکهاتنی شوناسی نەتەوەیی و خاوەنی ئەم تیۆریە (تێرنەر)، ئەم تیۆرییە ڕوونکردنەوەیەکی ورد دادەنێت بۆ پەیوەستبوون بە ئەندامێتی کۆمەڵەوە، هەروەها گرنگی زیاتر دەدات بە پرۆسەی پۆلێنکردن وەک لە پاڵنەرەکانی خۆبەگەورەزانین و پێکهاتەکانی بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی، لەسەر بنەمای بیرۆکەیەکی بنەڕەتی دادەمەزرێت ئەویش ئەوەیە کە (شوناسی هاوبەش ئینکاری خود دەکات)(عبدالرحمن، ٢٠١٠، ص٢٦).ئەم تیۆرییە مامەڵە لەگەڵ ڕەوتە گشتییەکانی بیرۆکە و بیروباوەڕی مرۆڤەکان دەکات سەبارەت بە خۆیان و ئەو کۆمەڵانەی کە سەر بەوان، چ سروشتیان سیاسی بێت یان مرۆیی بێت بە سروشتێکی گشتی و، چۆنیەتی تێڕوانینیان بۆ کۆمەڵەی خۆیان و کۆمەڵەکانی دیکە، هەروەها چۆنییەتی بەراوردکردنی مرۆڤ و کۆمەڵگا لە نێوان خۆیان و ئەوانی دیکەدا (عبدالرحمن، ٢٠١٠، ص٢٧).

تیۆری خۆپۆلێنکردن کە لەلایەن دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی (جۆن تێرنەر)ەوە(John Turner) لە ساڵی (١٩٨٧) پێشنیار کراوە، لێکۆڵینەوە لەوە دەکات کە مرۆڤەکان چۆن خۆیان و ئەوانی دیکە پۆلێن دەکەن بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و چۆن ئەم پرۆسەیە کاریگەری لەسەر ڕەفتار و شوناسەکانیان هەیە. تیۆرێکی دیارە لە چوارچێوەی بواری دەروونناسی کۆمەڵایەتیدا و بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەی لەسەر کراوە و لە توێژینەوە جۆراوجۆرەکاندا ئاماژەی پێکراوە. ئەم تیۆرەیە ڕوونی دەکاتەوە کە شوناسی کۆمەڵایەتی چۆن دروست دەبێت و چۆن کاریگەری لەسەر پەیوەندی و ڕەفتارەکانی نێوان گروپەکان دەبێت. بەپێی تیۆری خۆپۆلێنکردنی (تێرنەر)، مرۆڤەکان مەیلێکی سروشتییان هەیە بۆ پۆلێنکردنی خۆیان و ئەوانی دیکە بۆ گروپە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندی و بیروباوەڕ و بەها هاوبەشەکان. ئەم دەستە(فئة)کۆمەڵایەتییانە دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لە چەمکی خودی مرۆڤ و چۆنیەتی هەستکردن بە مرۆڤەکان و جیهانی دەوروبەریان لە قاڵب دەدەن. ئەم پرۆسەی خۆ پۆلێنکردنە دەبێتە هۆی دروستبوونی شوناسە کۆمەڵایەتییەکان، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت و کارلێککردنی مرۆڤەکان لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەیە.

یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکانی ناو تیۆری خۆپۆلێنکردن چەمکی بێکەسێتیکردنە (Depersonalization). بێکەسێتیکردن کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤەکان خۆیان وەک ئەندامی گۆڕاو لە گروپێکی کۆمەڵایەتیدا هەست پێبکەن نەک وەک مرۆڤێکی تایبەت، ئەم دیاردەیە ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە چۆن ڕەنگە ڕەفتاری مرۆڤەکان جیاواز بێت کاتێک خۆیان لەگەڵ گروپێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا دەناسێنن. بۆ نموونە کاتێک مرۆڤەکان خۆیان وەک بەشێک لە پارتێکی سیاسی دەناسێنن، ئەگەری ئەوە زیاترە کە بەهاکانی حزبەکە وەربگرن و بە شێوەیەک ڕەفتار بکەن کە لەگەڵ نۆرمەکانی گروپەکەدا بگونجێت(Turner, 1985, pp 77__81).

## 3- ڕێکارەکانی توێژینەوەکە:

### 1-3 شێواز و میتۆدی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی (چەندێتیە)، (بەشێوازی وەصفی Descriptive Research) ئەنجامدراوە، لەمجۆرەی توێژینەوەدا تێبینی وردترو باوەڕپێکراوتر لەسەر بابەتی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو، بەو پێیەی توێژینەوەکە هەوڵ دەدات شوناسی گەنجان بخاتەڕوو، بۆ بەدەستهێنانی ئەم ئامانجەش میتۆدی (ڕووپێوی کۆمەڵایەتی) لەجۆری (ڕووپێوی وەسفی) بەکارهێنراوە.

### 2-3 کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە:

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەش بریتیە لە سەرجەم گەنجانی دانشتووی هەرێمی کوردستان کە لە کاتی ئەنجامدانی توێژینەوەکەدا تەمەنیان لەنێوان(35-18)ساڵ بووە، کە بەپێی خەملاندنی دەستەی گشتی ئاماری هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی (2020) ژمارەیان نزیکەی (1.899.572)، نمونەی توێژینەوەکە بریتیە لە (472) گەنج کە بەشێوازی نائەگەری بەشێوەی (بەڕێکەوت) لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەوە وەرگیراوە.
سەبارەت بە گۆڕاوی تەمەنی نمونەی توێژینەوەکە ئەوانەی تەمەنیان لە نێوان (21-18) ساڵدان ڕێژەی (32%) پێکدەهێنن و بەپلەی یەکەم دێت، ئەوانەی لە نێوان (-26 29) ساڵن (14%) نمونەکەن و کەمترین ڕێژەی تەمەنی وەرگیراون لە توێژینەوەکەدا، هەروەها(235) گەنج لە ڕەگەزی نێرو (237) گەنج لە ڕەگەزی مێ وەرگیراون بە ئاستی خوێندنی جیاواز وەك لە خشتەی (1)دا تەمەن و ڕەگەز و ئاستی خوێندەواری و پیشەی نمونەکە خراونەتە ڕوو.

خشتەی (1) زانیاریە تایبەتیەکانی نمونەکە دەخاتەڕوو

| گۆڕاو | بژاردە | دووبارە | ڕێژە |
|---|---|---|---|
| تەمەن | (18-21) ساڵ | 151 | 32 |
| | (22-25) ساڵ | 103 | 21.8 |
| | (26-29) ساڵ | 66 | 14 |
| | (30-33) ساڵ | 79 | 16.7 |
| | (34-37) ساڵ | 73 | 15.5 |
| ڕەگەز | نێر | 235 | 49.8 |
| | مێ | 237 | 50.2 |
| ئاستی خوێندەواری | بنەڕەتی | 5 | 1.1 |
| | ئامادەیی | 33 | 7.0 |
| | پەیمانگا | 52 | 11.0 |
| | زانکۆ | 338 | 71.6 |
| | ماستەر | 39 | 8.3 |
| | دکتۆرا | 5 | 1.1 |
| گشتی | | 472 | 100 |

### 3-3 هەنگاوەکانی ئامادەکردنی پێوەرەکانی توێژینەوەکە:

بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە توێژەر پشتی بەستووە بە ئامادەکردنی پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی  شوناس لای گەنجان، کە بریتیە لە (30) برگە.

### 4-3 ڕاستی پێوەرەکە:

بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستی پێوەرەکە پشت بە ڕاستی ڕواڵەتی بەستراوە توێژەر هەستا بە دابەشکردنی پێوەری توێژینەوەکە بەسەر (25) پسپۆڕ لە بوارەکانی کۆمەڵناسی و دەروونزانی دا، داوایان لێکرا سەرنج و تێبینی خۆیان سەبارەت بەگونجاوی بڕگەکان بخەنەڕوو، هەر گۆڕانکاریەک کە بەباشی دەزانن پێشنیاری بکەن، دوای گەڕاندنەوەی سەرنج و تێبینی پسپۆڕەکان، دەرکەوت کە ڕێژەی ڕێکەوتنی پسپۆڕان لەسەر سەرجەم بڕگەکانی پێوەری شوناس (93.91%)ە

### 5-3 جێگیری ئامرازی پێوەرەکان:

جێگیری بۆ پێوەرەکە ئەنجامدرا بە پشت بەست بە هاکۆلکەی (ئەلفا-کرۆنباغ) لە ئەنجامدا دەرکەوت کە بەهای (ئەلفا -کرۆنباغ) دەکاتە (0.93) بۆ پێوەری شوناس کە ئەمانەش ئاستی بەرزی جێگیری پێوەرەکە دەردەخات، چونکە تا ئەنجامی جێگیری لە (1) نزیك بێتەوە ئاستی جێگیری بەرزترە، بڕوانە خشتەی(2).

خشتەی (2)

جێگیری پێوەر

| ژ.برگە | شوناس |
|---|---|
| 30 | (0.871) |

### 6-3 جێبەجێکردنی پێوەر:

پاش ئامادەکردنی پێوەرکە و پەسەندکردنی لە لایەن پسپۆڕانەوە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە جێبەجێکرا، لە چوارچێوەی کۆمەڵگەی توێژینەوەکەدا، توێژەر لەماوەی نێوان (2022/9/10) بۆ (2022/12/15) زانیاریەکانی لە نمونەی توێژینەوەکە کۆکردۆتەوە، پاش کۆکردنەوەی زانیاریەکان نمرە دراوە بە بژاردەکانی توێژینەوەکە بەڕیزبەندی (5، 4، 3، 2، 1).

### 7-3 هاوکێشە ئاماریەکان:

بۆ پێوانەکردنی سیستەمی بەهاکان و شوناس لای نمونەی توێژینەوەکە گورزەی ئاماری (SPSS) بەکارهێنراوە کە گونجاوە بۆ دەرهێنانی ئامارەکانی گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە.

## 4- گەنگەشەکردنی ئەنجامەکان بەپێی ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

زانینی جیاوازی ئاماری شـــوناسی گەنجان لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوەکانی (تەمەن، ڕەگەز، ئاستی خوێندن).

**أ. تەمەن**

بە پشـت بەسـتن بە هاوکۆلکەی شـیکاریی جیاوازی یەك ئاڕاسـتە ( One-Way ANOVA) بۆ زانینی جیاوازی ئاماریی شـــوناسی گەنجان بە پێی گۆڕاوی تەمەن، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (F) هەژمارکراو بریتییە لە (2.61) گەورەترە لە (F)خشـــتەیی (2.39) بە بەهای بەڵگەداری (0.000)، دەردەکەوێت کە جیاوازی جیاوازی ئاماریی شوناسی گەنجان هەیە بەپێی گۆڕاوی تەمەن، بۆ زانینی جیاوازییەکە بۆ گۆڕاوی تەمەن پشت بە هاوکۆلکەی بەراوردی فرەیی (LSD)   بەستراوە، وەك لە خشتەی (3) خراوەتەڕوو ئەو جیاوازییە ڕوندەکاتەوە.

خشتەی (3)

زانینی جیاوازی ئاماری شوناسی گەنجان لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی تەمەن

| سەرچاوەی جیاوازی | کۆی دوجاکان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | F | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەکاندا | 1304.203 | 4 | 326.051 | | |
| لەناوگروپەکاندا | 58148.422 | 467 | 124.515 | 2.619 | 0.034 |
| گشتی | 59452.625 | 471 | | | |
| بەهای خشتەیی | | | | 2.391 | |

خشتەی (4) جیاوازی شوناسی گەنجان بۆ گۆڕاوی تەمەن ڕووندەکاتەوە بەپێی هاوکۆلکەی بەراوردی فرەیی (LSD)، بە بەراوردکردنی ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکان، ناوەندە ژمێرەیی گشتی بریتییە لە (109.625)، بە بەراورد بە ناوەندە ژمێرەیی گۆڕاوەکانی تەمەنی (18-21) ساڵ کە ناوەندە ژمێرەیەکەی (111.695)و  گۆڕاوی تەمەنی(25-22) ساڵ ناوەندە ژمێرەییەکەی (110.068) ، گەورەترن لە ناوەندە ژمێرەیی گشتی، ئەوە دەردەخات کە جیاوازی بەدیدەکرێت. تەمەنی(18-25) تەمەنی بونیادنانی شوناسە، بەو حوکمەی کە گەنج سەرەتای خوێندنی ئەکادیمیەتی و هەوڵی شوناسێکی ئەکادیمی و پیشەیی دەدات، هەروەها لە کۆتاییەکانی قۆناغی هەرزەکاریدایە(هەرزەکاری دواکەوتوو) و لەهەوڵدایە بۆ جێگیرکردنی کەسێتی ودەرخستنی تواناى گەنجێتی خۆی لەبواری زمانەوانیدا بێت یان پیشەگەریدا بێت یان خوێندن و ئەکادیمیدا بێت، هەوڵدەدات خۆی بسەلمێنێت و شوناسیکی جیاواز لەقۆناغی پێشتری هەبێت و دەربچێت لەو کێشمەکێشەی کە هەرزەکارەو توانای نییە بڕیاربدات و خاوەن پیشە و داهات و ئابووری خۆی بێت، لەبەرئەوە شوناس لەوتەمەنەدا ئاستی بەرزترە لەچاو ئاستەکانی تر، بەڵام مانای ئەوە نییە لەو تەمەنانەی تر شوناس ئاستی لاوازە یان زۆر کەمە، بە پێچەوانەوە هەتا تەمەن هەڵکشێت جێگیربوونی شوناس زیاتر دەبێت، بەڵام تەمەنی سەرەتای گەنجێتی تەمەنی هەڵپەی بونیادنانی شوناسە. تەمەنی (18-21) ساڵ جیاوازە لەگەڵ تەمەنی (22-25) ساڵ لای گەنجان بۆ شوناس، چونکە بەهای بەڵگەداریی تەمەنی (18-21) بریتییە لە (0.254) گەورەترە لە بەهای بەڵگەداریی (0.05)، هەروەها تەمەنی (22-25) ساڵ جیاوازییان هەیە بەپێی شوناس لەگەڵ سەرجەم گۆڕاوی تەمەنەکانی تر، چونکە بەهای بەڵگەدارییان گەورەترە لە بەهای بەڵگەداریی (0.05)، بڕوانە خشتەی (4).

خشتەی (4)

زانینی جیاوازی شوناسی گەنجان بۆ گۆڕاوی تەمەن بەپێی هاوکۆلکەی بەراوردی فرەیی (LSD):

| گۆڕاوەکان | | جیاوازی ناوەندە ژمێرەییەکان | ناوەندەژمێرەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| (18-21)ساڵ | (22-25)ساڵ | 1.62740 | 111.6954 | 0.254 |
| | (26-29)ساڵ | 4.40749* | | 0.008 |
| | (30-33)ساڵ | 3.29030* | | 0.034 |
| | (34-37)ساڵ | 3.54468* | | 0.026 |
| (22-25)ساڵ | (18-21)ساڵ | -1.62740 | 110.0680 | 0.254 |
| | (26-29)ساڵ | 2.78008 | | 0.115 |
| | (30-33)ساڵ | 1.66290 | | 0.320 |
| | (34-37)ساڵ | 1.91728 | | 0.262 |
| (26-29)ساڵ | (18-21)ساڵ | -4.40749* | 107.2879 | 0.008 |
| | (22-25)ساڵ | -2.78008 | | 0.115 |
| | (30-33)ساڵ | -1.11718 | | 0.549 |
| | (34-37)ساڵ | -0.86281 | | 0.649 |
| (30-33)ساڵ | (18-21)ساڵ | -3.29030* | 108.4051 | 0.034 |
| | (22-25)ساڵ | -1.66290 | | 0.320 |
| | (26-29)ساڵ | 1.11718 | | 0.549 |
| | (34-37)ساڵ | 0.25438 | | 0.888 |
| (34-37)ساڵ | (18-21)ساڵ | -3.54468* | 108.1507 | 0.026 |
| | (22-25)ساڵ | -1.91728 | | 0.262 |
| | (26-29)ساڵ | 0.86281 | | 0.649 |
| | (30-33)ساڵ | -0.25438 | | 0.888 |
| ناوەندەژمێرەی گشتی | | | 109.6250 | |

### ب. ڕەگەز

به بەکارهێنانی هاوکێشەی (T) یەك نمونە (One Sample T-test)، ئەوە دەرکەوت کە (T) هەژمارکردو بریتییە لە (1.099) بە بەراورد بە (T) خشتەیی کە بریتییە لە (1.965)، بچوکترە لە بەهای بەڵگەداریی (0.272)، ئەوە دەردەخات کە جیاوازی شوناسی گەنجان بەدیناکرێت بۆ گۆڕاوی ڕەگەز.

خشتەی (5)

زانینی جیاوازی ئاماری شوناسی گەنجان لای نمونەی توێژینەوەکە بەپێی گۆڕاوی ڕەگەز

| ڕەگەز | ژمارە | ناوەندە ژمێرەیی | لادانی پێوانەیی | نمرەی ئازاد | بەهای (ت) هەژمارکراو | خشتەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| نێر | 235 | 110.1957 | 12.14531 | 470 | 1.099 | 1.965 | 0.272 |
| مێ | 237 | 109.0591 | 10.24761 | | | | |

### ب. ئاستی خوێندن

بە پشت بەستن بە هاوکۆلکەی شیکاریی جیاوازی یەك ئاراستە ( One-Way ANOVA) بۆ زانینی جیاوازی ئاماریی شوناسی گەنجان بە پێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن، ئەوە دەردەکەوێت بەهای (F) هەژمارکراو بریتییە لە (3.33) گەورەترە لە (F)خشتەیی (2.23) بە بەهای بەڵگەداری (0.006)، دەردەکەوێت کە جیاوازی هەیە بۆ سەرچاوەی گرووپەکان (لەناو گروپەکان و لە نێو گروپەکاندا) وەك لە خشتەی (52)دا خراوەتەڕوو، بەڵام بۆ زانینی ئەو جیاوازییە کە لە نێوان کام گۆڕاوی خوێندندایە، پشت بە هاوکۆلکەی بەراوردی فرەیی (LSD)) بەسترا بۆ زانینی جیاوازیەکە، وەك لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو ئەو جیاوازییە ڕوندەکاتەوە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp360-369

خشتەی (6)

زانینی جیاوازی ئاماری شوناسی گەنجان لای نمونەی توێژینەوەكە بەپێی گۆڕاوی ئاستی خوێندن

| سەرچاوەی جیاوازی | كۆی دوجاكان | نمرەی ئازاد | دوجای ناوەندە ژمێرەیی | F | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|
| لەنێوان گروپەكاندا | 2055.685 | 5 | 411.137 | | |
| لەناوگروپەكاندا | 57396.940 | 466 | 123.169 | 3.338 | 0.006 |
| گشتی | 59452.625 | 471 | | | |
| بەهای خشتەیی (F) | | | | 2.233 | |

خشتەی (7) جیاوازی نێوان گۆڕاوەكانی ئاستی خوێندن ڕووندەكانەوە بەپێی هاوكۆلكەی بەراوردی فرەیی، بەو پێیەی ناوەندە ژمێرەیی گشتی بریتییە لە (109.625)، بچوكترە لە ناوەندە ژمێرەییەكانی ئاستی خوێندنی بنەڕەتی (111.800)، ئامادەیی (109.787)، پەیمانگا (111.038)، زانكۆ (110.195)، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە گەنجان بەشێوەیەكی گشتی جیاوازییان هەیە لەگەڵ ئاستی خوێندنی (ماستەر، دكتۆرا)، چونكە ناوەندە ژمێرەییان بچووكترە لە ناوەندە ژمێرەیی گشتی، ئاستی خوێندنی بنەڕەتی بۆ شوناس لای گەنجان جیاوازی هەیە لەگەڵ ئاستی خوێندنەكانی تر، چونكە بەهای بەڵگەدارییان گەورەترە لە بەهای بەڵگەداریی (0.05)، بەڵام گۆڕاوی ئاستی خوێندنی (ئامادەیی و پەیمانگا و زانكۆ) جیاوازن لەگەڵ ئاستی خوێندنی (بنەڕەتی، پەیمانگا، زانكۆ، دكتۆرا)، چونكە بەهای بەڵگەدارییان گەورەترە لە بەهای بەڵگەداریی (0.05)، بەڵام لەگەڵ خوێندنی (ماستەر) جیاوازی بەدیناكرێت، چونكە بەهای بەڵگەداریی خوێندنی ماستەر بچوكترە لە (0.05) بڕوانە خشتەی (53). هەتا ئاستی خوێندەواری نزمتر بێت ئاستی شوناس بەرزتر دەبێتەوە و لە هەریەك لە قۆناغەكانی خوێندنی(بنەڕەتی، ئامادەیی، پەیمانگا، زانكۆ) شوناس لای گەنجان لەئاستێكی بەرزتردایە بەبەراورد بە قوناغی خوێندنی (ماستەرو دكتۆرا)، چونكە گەنجانی خاوەن بڕوانامەی ماستەرو دكتۆرا خاوەنی یەك جۆر لەشوناسن كە شوناسی ئەكادیمی و زانستیە، واتە تەنها جۆری شوناس كە خۆیانی تیا بدۆزنەوە مامۆستا بوونیانە، بەڵام گەنجانێك كە ئاستی خوێندنیان نزمترە لەیەككاتدا دەتوانن چەند پیشەیەك ئەنجام بگەیەنن، ئازادانەتر شوناسەكانیان دەگۆڕن و لەگەڵ گۆڕانكاریەكانی ڕۆژدا دەتوانن شوناسی تازە بەخۆیان ببەخشن، ئنجا بەگۆڕینی پیشە بێت یان ئەندامبوونیان لە حزبەكان بێت، گۆڕانكاری بێت لە تێڕوانین و بەرژەوەندیەكانیان، بەكارهێنەری زیاترو ئازادانەترن بۆ تۆڕەكانی ماڵپەڕە كۆمەڵایەتیەكان، هەروەها ئەو فشارو نارەحەتیانەی لە كاتی ئەنجامدانی كارەوە تووشیان دەبێت دەتوانن بەسەر زۆربەیدا زاڵبن، بەڵام كەسانێك كە خاوەن بڕوانامەی بەرزن و پیشەیان مامۆستایە زۆربەی كات فشارو كێشەكانیان بابەتین(واتە لەدەرەوەی دەسەڵاتی مرۆڤە) و زەحمەتە بتوانن كۆنترۆڵی بكەن.

خشتەی (7)

زانینی جیاوازی شوناسی گەنجان بۆ گۆڕاوی ئاستی خوێندن بەپێی هاوکۆڵکەی بەراوردی فرەیی (LSD)

| گۆڕاوەکان | | جیاوازی ناوەندە ژمێرەییەکان | ناوەندەژمێرەیی | بەهای بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|
| | ئامادەیی | 2.01212 | | 0.706 |
| | پەیمانگا | 0.76154 | | 0.884 |
| بنەڕەتی | زانکۆ | 1.60473 | 111.8000 | 0.748 |
| | ماستەر | 8.69744 | | 0.100 |
| | دکتۆرا | 7.80000 | | 0.267 |
| | بنەڕەتی | -2.01212 | | 0.706 |
| | پەیمانگا | -1.25058 | | 0.613 |
| ئامادەیی | زانکۆ | -0.40739 | 109.7879 | 0.841 |
| | ماستەر | 6.68531* | | 0.011 |
| | دکتۆرا | 5.78788 | | 0.278 |
| | بنەڕەتی | -0.76154 | | 0.884 |
| | ئامادەیی | 1.25058 | | 0.613 |
| پەیمانگا | زانکۆ | 0.84320 | 111.0385 | 0.610 |
| | ماستەر | 7.93590* | | 0.001 |
| | دکتۆرا | 7.03846 | | 0.176 |
| | بنەڕەتی | -1.60473 | | 0.748 |
| | ئامادەیی | 0.40739 | | 0.841 |
| زانکۆ | پەیمانگا | -0.84320 | 110.1953 | 0.610 |
| | ماستەر | 7.09270* | | 0.000 |
| | دکتۆرا | 6.19527 | | 0.216 |
| | بنەڕەتی | -8.69744 | | 0.100 |
| | ئامادەیی | -6.68531* | | 0.011 |
| ماستەر | پەیمانگا | -7.93590* | 103.1026 | 0.001 |
| | زانکۆ | -7.09270* | | 0.000 |
| | دکتۆرا | -0.89744 | | 0.865 |
| | بنەڕەتی | -7.80000 | | 0.267 |
| | ئامادەیی | -5.78788 | | 0.278 |
| دکتۆرا | پەیمانگا | -7.03846 | 104.0000 | 0.176 |
| | زانکۆ | -6.19527 | | 0.216 |
| | ماستەر | 0.89744 | | 0.865 |
| ناوەندەژمێرەی گشتی | | | 109.6250 | |

## دەرئەنجام

1. شوناسی گەنجان دەگۆڕێت بەپێی گۆڕانی تەمەن و ئەوانەی تەمەنیان بچوکترە شوناس لەلایان بەرزترە بە بەراورد بەوانەی تەمەنیان گەورەترە.
2. شوناسی گەنجان لای هەردوو ڕەگەز لە ئاستێکی بەرزدایە و جیاوازی ئاماریی لە نێوانیاندا نییە.
3. بەپێی بڕوانامە لە بنەڕەتییەوە تا ئاستی خوێندنی زانکۆ شوناس لای گەنجان بەرزترەو جیاوازن لە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا.

## پێشنیار و ڕاسپاردە:

1. ڕاسپاردنی توێژەران بە ئەنجامدانی توێژینەوەی تر لەسەر بابەتی شوناس بەتایبەت لای هەرزەکاران، چونکە سەرەتای چەسپاندن و دۆزینەوەی شوناسە.

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp360-369

2. هەوڵی زیاتر بدرێت بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی جیهانگیری و شوناس، چونکە شوناس لەسەر دەمێک بۆ دوای خۆی لەگۆڕاندایە.
3. حکومەت ڕۆڵی هەبێت لەکەمکردنەوەی قەیرانی شوناس لای گەنجان، بەباشرکردنی بارودۆخ وگوزەرانی خێزانەکانیان.
4. گەنجان بکرێنە چەقی خزمەتگوزاری و پلانی وەزارەتەکان، هەتا بتوانن پیشە وداهاتی خۆیان دەستەبەر بکەن.

## سەرچاوەکان


ئەبراش، ئیبراهیم، 2013. میتۆدەکانی توێژینەوەی زانستی. وەرگێڕانی: دیدار ئەبوزێد، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، چاپی یەکەم، هەولێر.

پایان، بۆتان لەتیف عبدالقادر، زمان و شوناس لە نێوان ڕەسەنێتی و نامۆیدا، سایتی ڕووداو، ڕێکەوتی دانان(2018/10/27)، ڕێکەوتی دابەزاندن(2023/1/16). https://www.rudaw.net/sorani/opinion/culture_and_literature/27102018

شێفەرس، برنهارد، 2008. بنەماکانی کۆمەڵناسی لاوان، وەرگێڕانی: یوسف فەقێی، بەڕێوەبەرایەتی خانە وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، چاپی یەکەم، سلێمانی.

سیوەیلی، ڕێبوار، 2015. دیاردەناسی شوێن وشوناس_خوێندنەوەیەکی دیاردەناسانە بۆ شاری سلێمانی، ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، سلێمانی.

گوڵمحەمەدی، ئەحمەد، 2007. بەجیهانیبوون، کلتوور، شوناسو، وەرگێڕانی: عەولا بەهرامی، چاپی یەکەم، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی- دهۆک.

مەردان، موحەمەد سالح، 2015. گەنج، داهاتووی کۆمەڵگا، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ڕۆژنامەی هەولێر، ژمارە(2)، هەولێر.

ئەحمەد، جەبار قادر، 2023. فرەکلتووری و پەیوەندی بە شوناسەوە، تێزی دکتۆرای بڵاوکراوە، پێشکەش بە بەشی کۆمەڵناسی کۆلێجی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین کراوە، چاپی یەکەم، ناوەندی ڕۆشنبیری ڕەهەند، سلێمانی.

عبداللە، کوێستان علی، 2022. بەجیهانیبوونی کلتوورو کاریگەری لەسەر شوناسی گەنج، تێزی دکتۆرا، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

حەمە ڕەشید، هەوراز محمد، 2023. شوناسی کۆمەڵایەتی مرۆڤی کورد، لە سینەمای کوردیدا، توێژینەوەی ماجستێر، بڵاونەکراوە، زانکۆی سلێمانی.

عیدبدر، یحیی مرسی، 2008. علم الاجتماع، مقدمة فی سوسیولوجیا المجتمع، دار الوفاء لدنیا الطباعة والنشر، الطبعة الاولی، الإسکندرية، جمهورية مصر العربية.

هارلمبس وهولبورن، 2010. سوشیولوجیا الثقافة والهوية، دار کیوان للطباعة والنشر والتوزیع، الطبعة الاولی، دمشق، سورية.

الحفني، عبد المنعم، 1994. موسوعة علم النفس و التحليل النفسي، مكتبة مدبولی، مطبعة اطلس، الطبعة الرابعة، القاهرة، جمهورية مصر العربية.

السيد، إيمان سعيد عبدالمنعم، 2022. خصائص ومؤشرات الهوية الثقافية لدى طلاب كلية التربية بجامعة 6 أكتوبر، مجلة كلية التربية، جامعة عين شمس.

الزعبي، خيام محمد، 2017. العولمة الثقافية وتآكل الهوية الوطنية، قضايا سياسية، العدد 47.

شحاتة، فوزي محمد الهادي، 2016. مشكلات الشباب...أزمة هوية ثقافية، مجلة كلية الخدمة الاجتماعية للدراسات والبحوث الاجتماعية، جامعة الفيوم.

السعدي، رحاب، 2018. أزمة الهوية وعلاقتها بالرضا عن الحياة لدى الشباب الجامعي الفلسطيني في الجامعات الاسرائيلية (جامعة حيفا انموذجا)، كلية العلوم الانسانية، قسم علم النفس، جامعة الاستقلال، أريحا، فلسطين.

وهبە، مراد، 2007. المعجم الفلسفي، دار قباء الحديثة للطباعةوالنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، القاهرة.

حلاسي، فاطمة زهراء، فايدي، هالة، 2019. أزمة الهوية لدى المراهقات المسعفات-دراسة ميدانية بدار الطفولة المسعفة قالمة وعنابة، كلية العلوم الانسانية والاجتماعية قسم علم النفس.

صباح، عايش ٢٠١٥. تشكل هوية الأنا لدى عينة من طلاب و طالبات المرحلة الجامعية في ضوء متغير الجنس والسن ونمط الإقامة، كلية العلوم الاجتماعية، جامعة وهران، الجزائر.

نجيب، محمد محمود، محمد، هبة محمود، 2016. أزمة الهوية لدى طلاب الجامعة، كلية الآداب، جامعة حلوان.

محاسنة، احمد، العظامات، عمر، 2018. أنماط الهوية الاكاديمية السائدة لدى طلبة الجامعة الهاشمية في ضوء مقياس واس وإساكسون وعلاقتها بالتحصيل الدراسي، كلية العلوم التربوية، الجامعة الهاشمية، الاردن.

عبدالرحمن، برهان حافظ، 2010. دور التعليم العالي في تعزيز الهوية الفلسطينية وأثره على التنمية السياسية من وجهة نظر الطلبة والعاملين، كلية الدراسات العليا، جامعة النجاح الوطنية.

Erikson, Erik.H, 1968. Identity youth and crises, Norton Company, New york, London, Printed in the United State America.

Paire, Roxane 2013. Aesthetics of identity, Department of French University, College Cork, The online postgraduate journal of the College of Arts, Celtic Studies and Social Sciences.

Marcia, J. E. 1966. Development and validation of ego-identity status, Journal of Personality and Social Psychology, 3(5).

Turner, J. C. 1985. Social categorization and self-concept: A social cognitive theory of group behavior. In E. J. Lawler(Ed.), Advance in group processes(Vol.2). Greenwich, CT:JAI Press.


Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n2y2024.pp360-369